# ئەگەری ترس لە وەڵامی (نەخێر) بۆ دەستور

محمد جزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

لەگەڵ نزیك بوونەوەی راپرسیدا ەیدیاكلن و لێپرسراوان كەوتونەتە جۆرە چالاكیەك بۆ هاندانی كۆمەڵانی خەڵك بە مەبەستی بەشداری كردن لە راپرسیەكەدا بە ( بەڵێ ) بۆ رەشنوسەكەی دەستور ، ئەمەش رەوایی تیا دەبینرێت و هەموو پرۆسەیەكی راپرسی یا هەڵبژاردن پرۆپاگەندە و هاندانی خۆی هەنە، ئەوەی جێی سەرنجە لە ئەگەرەكانی ( نەخێر ) دا ترس و هەرەشەیەك بۆ سەر ئایندە تێكەڵ بە هاندانەكان دەكرێت ، بەوەی شیمانەی وایە سەركەوتنی ( نەخێرەكان) هاوكێشەی هەڵبژاردنی داهاتوو تێك بدات و دەستورێكی خراپ ئامێز بهێنێتە ئاراوە، لێرەدا پرس لەوەدایە دەستوری خراپتر ئایا راپرسی بۆ ناكرێتەوە و یەكسەر زاڵدەكرێت بەسەر خەڵكی عێراق و بەتایبەت میللەتی كوردا..! و چیتر لە پرۆسەی بە دیموكراتی كردنی عێراقدا و بە ئامادە بوونی دەسەڵاتی وولاتە زلهێزەكان لە سەروبانەوە وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا رای كۆمەڵانی خەڵك وەرناگیرێ و جارێكی تر سیاسەتی ترس و تۆقاندن و كوشتن و برین و مافزەوتكردن لە سایەی كۆمەڵێك یا كەسانێكی دیكتاتور ئامێزدا دەگەرێتەوە سەر حوكم لە عێراقدا..! لەمیشەوە جارێكی تر ئەنفال و كیمیاباران بۆ سەر كورد سەرهەڵدەدەنەوە، خۆ گەر بە پێی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بێت لە قۆناعی گواستنەوەیدا دەنگی سێ پارێزگا دەتوانێت زۆر شت بكات .. گەر ( سونەی) عەرەب نەتوانێت دەنگی تەواوی سێ پارێزگە مسۆگەر بكات ، كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان شیمانەی زۆرە زیاتر لە دەنگی سێ پارێزگە مسۆگەر بكەن بۆ مسۆگەركردنی مافە رەواكانیان، پاشان كورد بۆخۆی پشت بەست بە بەڵگەنامە مێژوویەكان و زوڵم لێكردنەكانی دەیان ساڵ و تینوو بونی بۆ ئازادی و دیموكراتی نەك تەنها بۆ كوردستان بەڵكو بۆ هەموو عێراق زوڵمێك لە ماف و داخوازیەكانیدا رەچاو ناكرێت ، راستیەكی حاشا هەڵنەگرە هەموو كەمكردنەوەیەك لە مافەكانی كورد لە بەرژەوەندی ناسیونالیستی رەگەزپەرست و زوڵمكەر و چاوچنۆك دەشكێتەوە ، چ گۆرانكاریەكە نازو ئارەزوی زوڵمكەر بە هەند وەربگیرێت، چۆنە و چۆن نیەی دەستور یان باش و خراپی بۆ دۆزی كورد و حوكمی داهاتوی عێراق ئەمە بۆ خۆی زۆری لەسەر ووتراوە و نوسراوە ، ئەوەی سەرنجی نێو ئەم باسەیە هەر وەك لەسەرەتادا هاتووە شێوازی پروپاگەندەی پێش راپرسیە و ئەگەرە نەیارەكانەی دەم وەڵامی ( نەخێرە ) ، كە دەبوو لە بری ئەو جۆرە ئەگەری پێشهاتە نەیارانەی ترس لە دوایەوەیدا خۆی مەڵاس دابێت ..! كۆر و كۆبونەوەی روبەرو چر تر و پر تر بكرایەو لە نزیكەوە بەرەو روی پرسیارەكانی جەماوەر ببنەوە و شیاوتر كۆمەڵانی خەڵك هانبدرایە، ترس و تۆقاندن بە ئایندە شتێكی نەویستراو و بێزار كەر و وەرزكەرە ، شیمانەی هەیە هاوكێشەی مسۆگەری ( بەڵێ ) كان پێچەوانە بكاتەوە، بەوەی لە دەستورێكی تەماویدا ئەگەری ماندوو بوونێكی زۆر هەیە و ئەوانەی بەرامبەریش كە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێ بۆ بنیات نانی عێراقێكی دیموكرات و فیدراڵ نەیانتوانیوە سودمەند بن لە ئەزمونەكانی دنیا و پاڵپشتی تەواوی بە دیموكرات بوون نین و بارودۆخێك نیمچە ملێكی پێداون هەر بۆیە ئارەزوەكانیان یا ناسەربەخۆییان وەك مەرجێك تێكەڵ بە بنچینەكانی دیموكراتی و كۆمەڵگەی مەدەنی كردۆتەوە لە دەستوردا، خەڵكانی دیموكراتخواز و ئاشتی پەروەر و دژ بە زوڵمكاری ناهەقیان نابێت داوای مسۆگەری زیاتر بكەن، تا شەفافیەتی تەواویش بەرامبەر جەماوەر هەبێت و دەسەڵات و جوماوەر ببنە تیمێكی یەكگرتوو مسۆگەری لە هەر ( بەڵێ و نەخێر ) ێكی داواكراودا زیاتر دەبێت، لە كاتی را پرسیەكاندا بۆ دەستوری

ئەورووپی لە 6، 61٪ ی هۆڵندیەکان ووتیان ( نەخێر ) حکومەتی هۆڵندی یەکێك لە هۆکارەکانی گەڕاندەوە بۆ زمانی ترس و توندرەوی لە هاندانەکانیاندا بەوەی گەر هۆڵندیەکانیان بە ( نەخێر ) وەڵام بدەنەوە سود لە کارەبا نابینن یان ئەگەری چەندین شەڕی خوێناوی وەك ( بلقان ) دێتە کایەوە، هۆڵندیەکانیش بە پێی ئەزمون و خوێندنەوەیان بۆ رەوشەکە سەربەخۆ ( نەخێر) یان هەڵبژارد، بە پێی بۆچون و خوێندنەوەی زۆر لە پارتە سیاسیەکانیش بە چەپەکان و میانرەو و راسترەوەکانەوە لەگەڵ ( بەڵێ ) دا بوون ، ئەمە لە کاتێکدا هۆڵندیەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە و کەسێکی تر تەماعی لێیا نەبوو .. پێشتر ئەنفال و کیمیا باران نەکرابوون، کەواتە زمانی هاندان زمانێکە دۆزینەوەی پابەندی ئاستی تێگەیشتنی جەماوەر و چۆنیەتی قایل کردن و خۆ بە بەرپرسیارکردن و پەیمان دانە بە ئاسەوارەکانی دواییش.